

# کیبۆردێکی سەرنج ڕاکێش تایبەت بە مۆبایل و لاپتۆپ

کۆمپانیای LG کۆریایی لەم دواییانەدا کیبۆردێکی زۆر سەرنج ڕاکێشی بەرهەم هێناو، پێچەوانەی کیبۆردەکانی دیکە تەنیا چوارریز دوگمەی هەیە، ئەوەش وا دەکات کارکردن بەو کیبۆردە تا رادەیەك دژوار بێت، بۆیە لە هەوڵێکی دیکەدا LG نەوەی دووەمی ئەو کیبۆردەی بەرهەم هێنا کە لە پێنج ریز پێکهاتووە و کیبۆردەکە لوول دەدرێ و بچووك دەبێتەوە..

کیبۆردەکە لە ڕێگای بلوتوسەوە پەیوەند دەدرێت و بۆ مۆبایل و تەبلێت و کۆمپیوتەر دەگونجێت..گەرچی گشت ئەو ئامێرانەی ئاماژەیان پێدرا خۆیان کیبۆردی تایبەتی مەجازیان هەیە، بەڵام تایپ کردن بە کیبۆردێکی حەقیقی واتە کیبۆردێك دوگمەی هەبێت و دەستی لێبدرێت هەم بەکارهێنەرەکەی چێژی زیاتر لێوەردەگرێ هەم خێرایی تایپ کردن لەو کیبیۆردانەدا لەسەرێیە..

# تەختەی دیجیتالی هۆشمەند



ئەو قوتابی و مامۆستایانەی کە بیست ساڵ لەمەوبەر وانەیان دەخوێند یان وانەیان دەوتەوە، تەختە سپی واتە «وایت بۆرد» بوونی نەبوو، بەڵکو تەختە رەشە و گەچێکی تایبەت بەنووسین.. دواتر گۆڕا بە تەختە سپی.. ئێستا قۆناغێکی دیکە دەستی پێکردووە، ئەویش تەختەی دیجیتالی هۆشمەند. لەم چەند ساڵەدا چەندین تەختەی دیجیتالی بە قەبارە و کارایی جیاوازە بەرهەم هاتوون، یەکێك لەو تەختانە تەختەی دیجیتالی جۆری kapp42 یە. تەختەیەکی دیجیتالی کە هەر ئەو کاتەی کە بابەتێك دەنووسی هەر ئەوکات نووسینەکە بۆ مۆبایل یان تەبلێت یا لاپتۆپی هەموو ئەوانەی کە لە کۆنفرانس یان قوتابخانە یان زانکۆ دانیشتوون دەگوازێتەوە..

بەکارهێنەری تەختەکە هەر شتێك بنووسی راستەوخۆ لەسەر شاشەی مۆبایل و تەبلێتەکان دەبیندرێ.. تەختە دیجیتالییەکە توانای هەیە لەگەڵ ٢٥٠ ئامێر لەیەك کاتدا ببەسترێتەوە. رەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا چاوەڕوانی نوێترین تەختەی دیجیتالی دیکە بین..

# بە مۆبایلەکەت ئەندرۆسکۆپی بکە



ئەندرۆسکۆپی کە (نازۆر)یشی پێدەڵێن بەو کردارە دەگوترێت پزیشکەکان بۆ ئاشنابوون ئاگادار بوون لە ئەندامانی ناوەوەی مرۆڤ بەکاری دەهێنن. ئەویش سوندەیەکی باریکە کە لە بە یەکێك لە ڕێگاکان ڕەوانەی ناخی مرۆڤ دەکرێت. ئێستا دەکرێت بە مۆبایلیش ئەم ئەرکە ئەنجام بدەی.. ئەویش بەهۆی کێبڵی bluefire کە کێبڵێکی درێژە و لە شوێنی مایکرۆ usb یان شوێنی لایتینگ مۆبایل دابندرێ، بەهۆی ئەپلکەیشنێکەوە کە هەر بەو ناوەیە وێنەکان کە لە کامێرایەکی بچووکی سەری کێبڵەکەیە ببینی، دیار ناکرێت وەك کێبڵی نازۆر بۆ ناو هەناو بەرێی بکەی، بەڵام زۆر ئەرکی دیکە ئەنجام دەدات، وەك ئەو شوێنانەی کە زۆر بچووکن و دەست تێیان ناکەوێت وێنەیان بگری، زۆر ئەرکی دیکە کە بەکارهێنەرەکەی خۆی دەتوانێت بۆ بدۆزێتەوە.

# کامێرا تایبەتەکەی سامسۆنگ و وێنەی ٣٦٠ پلەیی




سامسۆنگ ئەگەر نەچێتە بواری ریکلام کردن بۆ ئەو کۆمپانیایە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا پێشکەوتنی خێرای بەخۆیەوە دی، خۆی گەیاندۆتە ریزی کۆمپانیا پلە یەکەمەکان.. لەم دواییەدا کامێرایەکی بە ناوی gear 360 بەرهەم هێناوە کە لەناوەکەی را دیارە دەتوانێت وێنەی ٣٦٠ پلەیی بگرێت، واتە هەر چوار دەوری خۆی.. کوالیتی وێنەگرتنەکەی ١٥ مێگاپیکسەلە.. شاشەیەکی بچووکی هەیە کە بەهۆیەوە ئەو وێنانەی کە کامێراکە دەیگرێت دەیبینی.

فیلمگرتنیش بە کامێرای ناوبراو لە ئاستێکی بەرزدایە و بەهۆیەوە دەکرێت گۆڕانکارییەکی نوێ لە بەرهەمهێنانی یاری و فیلم بە کوالیتی بەرز تایبەت بە هێدستەکان بەدی دێت. بەڵام لەبیرتان نەچێت گشت ئەو تایبەتمەندییانەی ئاماژەیان پێدرا تەنیا بەهۆی کامێرایەکی هۆشمەندی سامسۆنگەوە دەستەبەر دەبێت. خودی کامێراکە دەکرێت میمۆری ١٢٨ گێگابایتی بۆ دابندرێ..

# شاری رۆبۆتەکان لە ژاپۆن

لە هەولێر و شارەکانی دیکەی هەرێم، چەند ساڵێکە کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوون دەکرێنەوە و ناوی شاریان لێدەندرێت، وەك شاری خەونەکان، شاری زێڕین، شاری ئاوێنە... لەم دواییەدا لە وڵاتی ژاپۆن پارك یان بەواتایەکی دیکە شارێك دروستکراوە کە بە شاری رۆبۆتەکان ناسراوە.

لەم شارەدا گشت ئەرك و کارێك لەلایەن رۆبۆتەکان ئەنجام دەدرێت، رۆبۆتەکان ژینگە پاك دەکەنەوە، چێشت لێدەنێن، خزمەتگوزاری گەیاندن و پەیوەندی ئەنجام دەدەن. زۆربەی ئەو کارانەی مرۆڤ ئەنجامیان دەدات ئەوانیش ئەنجامی دەدەن. گشت رستۆران و کۆفی شۆپەکان لەو شارەدا لەلایەن رۆبۆتەوە بەڕێوە دەچێت و مرۆڤ تەنیا وەك میوان دەتوانی سەردانی ئەم شارە بکات.

رۆبۆتەکان هۆشمەندن هەر ئەوە نین کە ئەرك ئەنجام بدەن، بەڵکو پەیوەندی کۆمەڵایەتیش دادەمەزرێنن و سەبارەت بە لایەنی کۆمەڵایەتی و هەست و سۆزەوەش ئاگادارن. شارەکە لە شاری «ناکازاکی»یە. لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێتە شارێکی گەشتیاری.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، نازانم چۆن دەکرێت لە پرۆگرامی word پەراوێزەکان کە هەمیشە لەلای چەپن و بۆ زمانی ئینگلیزی دەگونجێن بیانهێمەوەلای راست؟**

خوێنەری بەڕێز، بۆ ئەم چارەسەری ئەم کێشەیە لە wordی ٢٠٠٧ بەولاوە ئەو هەنگاوانەبگرە بەر. بچۆ سەر بەشی View و دواتر فەرمانی draft هەڵبژێرە، دوای ئەوە لاپەڕەکەت گەورە دەبێ و بچۆ سەر بەشی perernces دوای ئەوە فەرمانی show notes دیاری بکە.. لە خوارەوەی wordەکە پەنجەرەیەك دەکرێتەوە کە دەکرێت پەراوێزەکە بۆ ئەو شوێنەی مەبەستە بەرێ بکەی و هەروەها فۆنتەکەشی بگۆڕی..

## فەیسبووکیش کامێرای بەرهەم هێنا



فەیسبووك وەك گەورەترین تۆڕی کۆمەڵایەتی ناسراوە، تۆڕێك کە لە جیهانی مەجازیدا وەك وڵاتی مەجازی دەناسێنن.. ئەم تۆڕە زیاتر بۆ پەیوەندی لەنێوان کۆمەڵگای ئینسانیدا بووە و زیاتر سایتێکی ئینتەرنێتی بووە، بەڵام لەم دواییە پێدەچێ خۆی لە دونیای داهێنان و بەرهەمهێنانی ئامێری تەکنەلۆژیای نوێشدا تاقی بکاتەوە، لەم دواییەدا نوێترین کامێرای خۆی بەناوی surround ٣٦٠ بەرهەم هێناوە،


کامێراکە سێ رەهەندییە و خاوەنی ١٧ لێنز واتە چاوی ئەلکترۆنییە. کاتێك فیلمێکی سێ رەهەندی ٣٦٠ پلەیی دەگرێت پێویست ناکات جارێکی دیکە دەستکاری بکرێتەوە..

خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە کۆمپانیای ناوبراو بە نیاز نییە داهێنانەکەی خۆی بفرۆشێت، بەڵکو نیازیەتی بە شێوەی پارچە پارچە بیفرۆشت و بەکارهێنەر بۆخۆی لەباڵێکی بخاتەوە..

## پرۆگرامێکی گرنگ بۆ پاراستنی کۆمپیوتەر

ئەنتی ڤایرۆس و دیوارە ئاگرینەکان واتە فایروال بۆ کۆمپیوتەر گرنگن، بەڵام ئەنتی ڤایرۆسەکان بە زۆری ڤایرۆس دەسڕنەوە و زۆر کێشەی دیکەی تایبەت بە کۆمپیوتەر وەك خۆی دەهێڵنەوە.. کێشەکانی کۆمپیوتەر تەنیا ڤایرۆس و ترۆجان نییە..

پرۆگرامی TweakBit fixMPC یەکێك لە پرۆگرامە گرنگەکانە بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمپیوتەر.. ئەم پرۆگرامە لە بواری سڕینەوە پرۆگرامە تێکدەرەکان و نەهێشتنی کێشە و بردنە سەری خێرایی و کارایی ویندۆزە. بەخێرایی کێشەکان دەدۆزێتەوە و چارەسەریان دەکات، بەم هۆیەش خێرایی لێکدەرەوەی ناوەندی و رام، خێرایی دابەزاندن و کۆژاندنەوەی سیستەمی ویندۆز. بردنە سەری خێرایی پرۆگرامەکان بەشێکن لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە.. جگە لەوەش بەکارهێنەر بە ئاسانی دەتوانێت بەکاری بهێنێ.




## سایتێک فێری نووسینت دەکات



لە کوردەواریدا پەندێك هەیە دەڵێت تەشی رێس گەر تەشی رێس بێ... ئیدی نووسەریش گەر بەهرەی نووسینی تێدابێت لە هەموو جێگایەك و بە هەموو ئامرازێك لەبەردەستی دابێت دەنووسێت.. بەڵام سایتێك هەیە بەناوی www.words٧٥٠ هانت دەدا کە فێری نووسین بی. هەروەك لەناوەکەی را دیارە دەتوانی رۆژانە ٧٥٠ وشە بنووسی. بابەتی نووسینەکان دەکرێت، چیرۆك، وەرگێرانی دەقی ئینگلیزی، بابەتی گرنگی رۆژنامەنووسی یان هەواڵ و دارشتنی دیکە بێت.. وەکو پرۆگرامی wordیش دەتوانی هەموو کارێکی پەیوەند بە نووسین لە سایتەکەدا ئەنجام بدەی..